مه هاباد قه ره داغی

په یامنێرتان له  ده ربه ندیخانه وه :

# له  نێوان دوو تیپی باڵه ی سیاسه تدا ژنێک ده کرێت به  تۆپ

**تاڵترین ڕاستی:**

ئابووری و سیاسه ت دوو دنیان که شی هه سکه هه سکی پێشبرکێیان هه میشه  پێوه دیاره و، له  یاریگه یه ک ده چن پڕ بن له  یاریزانی نه زان و زانای بێویژدان. زۆرجاران یاریزانانی هه ردوو یاریگه  هه مانن، هاوڕێ و دۆستی یه کترین، هاوکات دوژمنی سه رسه ختی یه کترین.

یاریزانه  نه زانه کانی (سه رمایه  و سیاسه ت) پشتبه ستوو به  زاناکان (پسپۆره کانی زانستی فێڵ و لۆژیکی ته ڵه )، له  پێناوی بردنه وه ی گێمێک و به ده ستهێنانی زۆرترین خاڵی پایه  و سه رمایه ،کایه  به  هه موو سه روه ری و شانازی و به هاکانی مرۆڤه وه  ده که ن و، مرۆڤ له  به نرخترین سه رمایه وه  ده گۆڕنه  پووچترین شتی فڕێدراو له  نێوان دوو یاریگه ی سه ردا پۆشراوی هه ردوو دنیادا، سه رمایه  و سیاسه ت.

بۆ ئه وه ی یه که می بازاڕ بێت، ئاماده یه  دووه می بازاڕ بسڕێته وه  و پلان بۆ سڕینه وه ی سییه می بازاڕ دابنێت و چاو له  چواره می بازاڕ سوور کاته وه  و پێنجه میش بخاته  ژێر کۆنترۆڵی وردی زه ڕه بینه کانی چاودێرانیه وه . پێشبرکێی سه رمایه  و مۆنۆپۆڵی بازاڕی ئازاد ئه م ڕێسایه  په یڕه وی ده کات و به و لۆژیکه داشی دامه کان[1] ده خوات و ده بێت به  براوه .

بۆ ئه وه ی یه که م که سی مه یدانی سیاسه ت بێت و تیشکه کان له  سه رخۆی و له  ده وری خۆی کۆکاته وه ، ئاماده یه  دووه م که س سووک و سێیه م که س ڕیسوا و چواره م که س به  په ند بکات و پێنجه مینیش بخاته  به رنامه وه . پێشبرکێی سیاسه ت و مۆنۆپۆڵی پێشه وایه تی و پێشڕه وێتی حیزب ئه م ڕێسایه  په یڕه وی ده کات و به و لۆژیکه  هه ردوو قه ڵا ده ڕووخێنێ و، پێی ئه سپه کان ده شکێنێ و، خه رتوومی هه ردوو فیله که  ده کاته  ته وقی ملی شاڵیارو، ئاڵای سپی به  سه ربازه کان هه ڵده کات و سنگ ده رده په ڕێنێ و  بێباکانه  کش له  مه لیک ده کات.[2] ئه مه یه  داب و نه ریتی کۆمه ڵگه ی بازاڕی ئازاد و سیاسه تی لیبراڵ.

**(یان بیبه ره وه  یان ونبه )**[3] ئه مه  دروشمێکه  له  نه ریتی یاری قوومار دا به  ئاوی زێڕ نووسراوه  و قوومارچییه کان له  به ریانه . بۆ ئه وه ی ون نه بن (نه دۆڕێن) پاساویان بۆ به کارهێنانی هه موو ئامرازێک هه یه ، هه موو شتێ له  پێناوی بردنه وه دا به  ڕه وا ده زانن. هه موو شته کانی ده وروبه ری، به  مرۆڤه کانیشه وه  ئامرازن بۆ به دیهێنانی ئامانجی بردنه وه . بردنه وه ی ئه میش ونبوونی ئه ویتره  که  له  به رامبه ریدا دانیشتووه  و هه ڕه شه ی بردنه وه ی لێده کات.

**ژن ساناترین ئامرازی پیاوانی بازاڕی سه رمایه  و سیاسه ت:**

ژن چونکه  له  ڕۆژی ئه زه له وه  پێناسه ی په راسووی پیاوی پێدراوه  و، تیز و تیۆرییه  ئاسمانیه کان له  کتێبی قه به قه به دا بۆ سه لماندنی ئه و درۆنگییه  پشتیان به  هێزه کانی غه یب به ستووه  و غه یب جه سته ی ئه می

www.kurdistannet.org

کردووه بە کاڵا و بە عەیب، ئیدی هەتا ئەمڕۆ وەک ساناترین ئامرازی بەدەستهاتوو بەکارهێنراوە بۆ لەیستن و گەمە و کایە، بە تایبەت لە وازی سیاسەت و سەرمایە.

ئەگەرچی سەد ساڵ زیاترە، سەد تیۆری و ئەنتی تیزی تر لە لایەن ژنانی پسپۆڕ و زاناوە داهێنران و گریمانە دڕدۆنگەکانی غەیب و عەیبیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام بەرژەوەندیخوازانی ئەو دوو مەیدانە هەر بە تیۆری عەیب و غەیب کار دەکەن و هەر بە تیزی بێپێز و پێناسەی پەراسووی پیاو، ژن دەخوێننەوە.

ژن، چونکە بێدەرفەت هێڵدراوەتەوە و لە فرسەتەکانی پێشکەوتن و گەشەسەندن بێبەشکراوە، سانا خۆی لە ناو ئەو تۆڕانەدا دەبینێتەوە کە ماسیگران بۆ ڕاوکردنی نەهەنگ هەڵیدەدەن. ماسیگرانی ئاسایی کرمێکی بچووک بە تۆڕەکانیانەوە دەکەن بۆ جوڵانەوەی حەز و نەوسی ماسی و ڕاکێشانی سەرنجی و کێشکردنی بۆ ناو تۆڕەکە. بەڵام ڕاوچییە گەورەکان (نەهەنگگرەکان)، کرم بەکار ناهێنن و دەزانن نەهەنگێک بەو زەبەلاحییەوە کرمێکی بچووک نابینێت، ئەمان پارووی گەورە و بەچێژ و سەرنجڕاکێش پیشانی نەهەنگ دەدەن و زۆربەی جار ژنەماسییەکی دەستەمۆ و جوان بە قولابەکەوە دەکەن و تووڕی دەدەنە ناو دەریای پڕ لە نەهەنگی سەرمایە و سیاسەت.

بازاڕی ئازاد ژنەماسییە ڕووت و قووتەکان بە قولابی ڕیکلامەوە دەکات و دەیهاوێتە نێو دەریای سەرمایەوە لە پێناوی هەڵمسانی دۆلارە چاوسەوز و بە تەلیسمەکانی کۆنتۆکانی. جەستەی ژنەماسییش ڕێک وەکو جەستەی کرمەکە بە دەم دەرزی قولابەکەوە دەپرۆکی و دواجار فڕێ دەدرێ.

لە سیاسەتی ئازادیشدا ژنە ماسییەکان بۆ ئەوەی وەک سیخوڕ بەکار ببرێن، سەرەتا لە شانازییەکانی دایدەماڵن و جەستەی لە کەڵک دەخەن و ئینجا ناچاری ملدان و نووچدانی دەکەن و لە ئاکامیشدا وەک کرمی قولابەکە دەیان پێوەدەکات و خۆیشی تیادەچێ و دەپرۆکێت.

## وازی سیاسەت:

سەیر و سەمەرەیی وازی سیاسەت لەوەدایە کە تا گێمێک تەواو نەبێت نازانی ئەمە یارییە و، وا دەزانی ئەمە ڕاستییەکی ئاساییە. (سیاسەت وازی) چونکە یاریچییەکانی ئەکتەریشن و زۆربەی ئەو ئەکتەرانەش شارەزان و بە ئارایشتەوە نومایش دەکەن، ئاسان نییە بتوانی بزانی و هەر لە سەرەتاوە تێبگەی ئەمەی ڕوودەدات شانۆگەرییە نەک ژیانگەریی.
دڵنیابن لە ناژیریتان نییە کە دەمودەست نەتوانن دەرک بە سیناریۆ و شانۆیەتی سیاسەتوازی و بازاڕوازی بکەن، بە تایبەت ئەگەر خۆتان ئەکتەری هیچ کام لەم دوو تیپەشانۆییە نەبن.

## پەیامنێرتان لە دەربەندیخانەوە:

ماوەیەک پێش ئێستا و دروست لە19ی مانگی شوباتدا و لە ژمارە 38 ی ڕۆژنامەی (ئەمڕۆ)دا، هەواڵێک هەموومانی هەژان. خێزانێک کە لە شەش خوشک و یەک برای بچووک و باوکێکی دەستکورت و هەژار پێکهاتبوون

www.kurdistannet.org

لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا زووخاوی ڕەشی سکاڵایان هەڵڕشتبوو (وایان دەربڕیبوو) کە لە لایەن بەرپرسانی شاری دەربەندیخانەوە تەنگیان پێ هەڵدەنچندرێ و داخوازی سێکسیان لێ دەکەن و ئەو داخوازییە دەکەن بە مەرجی بەهرەمەندکردنیان بە خزمەتگوزارییەکانی وەکو ئاو، کارەبا، خانوو و هتد. لەم هەواڵەدا و بە پێی سکاڵا دەربڕدراوەکانی هەر یەک لەو شەش خوشک و برا بچکۆلەیە، کچەگەورەی ئەو خێزانە (شەیما) ئامانجی سەرەکی ئەو داخوازییانە دەبێت کە بەرپرسان چاوەڕوانی جێبەجێکردنیان لێی کردووە و، بەهۆی ملنەدانی بۆ ئەو داخوازییانە بانگەشەی ڕەوشتیان بە شوێندا کردوون و لە ناو ئەو شارەدا سووک و ڕیسوایان کردوون. ئەمە بە پێی قسەکانی خۆیان کە بەتەنگەوەهاتووانی پرسی ژن، پرسی مرۆڤایەتی و دادپەروەری و دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و هتد بە بایەخەوە لەم هەواڵە نزیک بوونەوە و هەڵوێستیان وەرگرت.

منیش وەکو بەتەنگەوەهاتوویەکی کۆمەڵگەی خۆم و داکۆکیکارێکی مافەکانی ژن و وەکو کەسێکی بێبەری لە حیزب و لایەن و ڕێکخراو و وەکو تاکەکەس هەڵوێستی ناڕەزایی خۆمم لە شێوەی داخوازینامەیەکی کراوەدا بۆ بەرپرسە باڵاکان نارد و بەدەستیان گەیشت.

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

لەبەدواداچوونی ئەم کێشەیەدا هێڵ و هێمای سەیر سەیر دەرکەوت و کۆکردنەوەی هێڵ و هێماکان و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لێیان ڕەنگە دیسانەوە بۆچوونی جیاواز لەسەری درووست بێ. پێدەچێ لە گۆڕەپانی سیاسی شاری دەربەندیخاندا دوو تیپی باڵە لە پێشبڕکێی بردنەوەدا بن و لەم نێوانەشدا ژنێکیان کردبێت بە تۆپ.
ئەوەی کە خەریکە ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە لە گێمی یەکەمدا ئەنتی دەسەڵاتەکانی دەربەندیخان بردبێتیانەوە و، لە گێمی دووەمیشدا دەسەڵاتدارانی دەربەندیخان. لە هەردوو حاڵەتیشدا ئەوەی کە دۆڕاوی ڕاستەقینەیە ئەو ژنە هەژارەیە کە بەهۆی هەژاری، نەخوێندەواری و ناهوشیارییەوە توانیویانە ڕۆڵی تۆپێکی باڵەی پێ بسپێرن.

## دووبارە داخوازی لە حکومەت :

لەو داخوازینامەیەدا کە ئاراستەی بەڕێز مام جەلال و وەزیری ناوخۆی حکومەتی سلێمانیم کردبوو، جگە لە یەک خاڵی کە داخوازی بەدواداچوونی کێشەی ئەو خێزانە بوو، لە خاڵەکانی تریدا سەبارەت بە کێشەی گەرەلاوژەی ئیداری و کەڵکئاوەژووی کورسی دەسەلات و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافەکانی ژن بە تایبەتی بوون. ئەوەی کە لای خۆم گرنگترین خاڵ بوو کە دووبارە داوا لە حکومەت دەکەم و خوازیارم پشتگوێی نەخات دەرکردنی بڕیارێکە بۆ بڕینەوەی یارمەتی و دەرماڵەی تایبەت بە هەموو ژنانی کەمدەرامەت، کەمدەرفەت، ئاوارە و ئەنفال، بە جۆرێ کە ڕەوشی هەژاریی لە پەسنەنەهاتووی ڕێژەیەکی زۆری ژنان لە دەڤەری ئێمەدا ئاسایی بکرێتەوە و هیچ نەبێت بگەیەنرێتە ستانداردی مینیمۆمی ژیان.

## ئەنجام:

لە ڕیپۆرتاژەکەی ڕۆژنامەی ئەمڕۆ و سکاڵاکانی خێزانی زەفەرپێبراودا وای دەدایە زەین کە سکاندالێک بێت تەنها پەیوەندی بە سێکس و مەرجی خزمەتگوزارییەوە هەبێت، بۆیە منیش ناوم لێنا (سکاندالی سێکس بەرامبەر بە خۆراک) کە لە گوزارە گرنگەکەی (نەوت بەرامبەر بە خۆراک)ەوە خواستبووم و گوزارەم لەو

کێشەیە پێکردبوو. لەگەڵ ڕوونبوونەوەی هەندێ وێنەدا و لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا ڕەنگە پێویست بکات ناوێکی تر لەو دیاردەیە بنرێت، بە یارمەتی هەمووتان من بەم دێرە پێناسەی دەکەم: (**لە نێوان دوو تیپی بالەی سیاسەتدا ژنێک دەکرێت بە تۆپ**).

لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی ڕێوان بەڕێوەبەری ئاسایشی دەربەندیخان گلەیی لێ کردووم کە بۆچی بەم شێوەیە لەسەر ئەو کێشەیەم نووسیووە. هەڵبەتە وەڵامێکم بۆ ئەو و هەموو ئەو بەرپرسانەش هەیە کە تێکەڵاوی ئەم باس و کێشەیەن. ئاشکرایە من وەکو تاک کێشەیەکم لەگەڵ هیچ کەسێکدا نییەو، هەرگیزیش نامیێت. کە لەسەر کێشەیەکی وا ناتوانم بێدەنگی هەڵبژێرم هۆی ئەوەیە کەمن خۆم بە خاوەنی دوو پرسی یەک لە یەک گرنگتر دەزانم، پرسی گەلەکەم و پرسی ژن. ئەو کێشەیەی کە لە دەربەندیخان ڕووی داوە ڕاستییەکەی هەرکامیان بێت (دۆخی یەکەم کە گوایە سێکسی لێ ویستراوە یان دۆخی دووەم کە گوایە هاندراوە دژ بە بەرپرسان) ، هەر کورد و ژن تیایدا زیانپێگەیشتوون.

ئەگەرچی لە بارودۆخێکی وا ئاڵۆزدا دەرکەوتنی تەواوی ڕاستییەکان دەبێتە مەحاڵ، بەڵام ئەوەی هەتا ئێستاش ڕۆشن بۆتەوە گوزارە لە نەهامەتییەکی گەورە، زۆر گەورە دەکات بۆ کۆمەڵگەی کورد و بۆ ژنی کورد. نەهامەتییەکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگەی کورد چونکە لە ئاڵۆزترین و چارەنووسسازترین دۆخی خۆیدا کە (ئێستایە) و کە پێویستە هەوڵەکان لە ئازادکردنی کوردستاندا چڕ بکرێنەوە، کەچی بەرپرسانی شارەکان لە پێشبڕکێی کورسی و مێزدا پرسی ڕاستەقینەیان لەبیر بچێتەوە. نەهامەتییە بۆ ژنی کورد، چونکە ئالەم بارودۆخەدا کە دروشمەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ و مافی منداڵ و مافی ژنان و هتد لە گوێمانا دەزرنگێنەوە کە چی لەم کونج و لەو کونج، لەم شار و لەو شارۆچکەدا ، بە بەرچاوی هەموومانەوە یاری بە مرۆڤایەتی ژنەوە دەکرێت و جەستەی بێبایەخ دەکرێت.

www.kurdistannet.org

شەیما ئێستا لەهەموو کاتێ زیاتر پێویستە داکۆکی لێ بکرێت، چونکە ژنێکە بەهۆی ژن بوون و هەژار بوون و ئاوارەبوونەوە ستەمی لێ دەکرێت. ئەو ژنە دەشێ هێمای هەموو ئەو ژنانەش بێ کەلە دۆخی ئەودان، ژنانی ئاوارە، ژنانی هەژار، ژنانی کەمهۆشیار، کە ڕەنگە ئاسانتر بخرێنە ژێر کاریگەری و بەکاربهێنرێن.

**دوا وتە:**

کوردستان و ژن پێویستە لەو داگیرکراوییە ڕزگار بکرێن و سەربەخۆیی خۆیان هەبێ و بایەخ پەیدا بکەن. کوردستان و ژن دو پرسی گرنگن بۆ هەموومان و پێویستە دەست لە هەموو بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆمان هەڵگرین و لە پێناوی ئەو دوو پرسە گرنگەدا تێبکۆشین. چەند ئاواتەخوازم ئەم دوو پرسە گرنگە ببێ بە پرنسیپی هەمووان و پێکەوە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر، ئازاد، دیموکراتی بنیات بنێین.

چەند ئارەزوو دەکەم هەمووان بە ژن و پیاوەوە لە هەردوو پرسی مەزنی کورد و ژندا بەشدار و تێکۆشەر بین. نە کێشەی کورد تەنها هی پیاوە و نە کێشەی ژن تەنها هی ژنە. هەردوو ئەم کێشانە پەیوەستن بە هەموومانەوە و بە چارەنووسی هەموومانەوە و هەموومان وەکو یەک بەرپرسیارین بەرامبەری.

2004/04/10

**ستۆکهۆڵم/ سوێد**